ژمارە : ٣ / ٨ / ١٣٠٣

ڕێکەوت : ٢٨/ /٢٧١٤ ی کوردی

Date :٢٠١٤/ ٦/ ١٨


ئەنجومەنی دادوەری
دەرکردە
Council of the Judicial
مجلس القضاء


# بەیان

پشت بە حوکمی ماددە ( ٨ ) لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ، **بڕیارماندا بە :-**

**یەکەم/**

دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان- عیراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠١٤/٧/١ .

**دووەم /**

**ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە ( کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە ) هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن :-**

١. وەرگرتنی داوانامە ( **عريضة الدعوى** ) و گلدانەوەی یەدەگ ( **الحجز الاحتياطي** ) و پێڕاگەیاندنی یاسایی.
٢. ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە ٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون.
٣. ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجکردنی بڕیاریك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات.
٤. داوای میری بۆ مولك سەندنەوە ( **استملاك** ) .
٥. ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.
٦. داوای مایە پوچ بوون ( **افلاس** ) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە.
٧. داوای هەلگرتنەوەی و لێك کرینەوە (**شفعه** ) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی بە کرێدراو.
٨. داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و ڕێگەی جۆگە لە و سوولاوکە و هاتووچون( **حقوق السقى وا الجرى و المسيل والمرور** ) مافەکانی ( **ارتفاق** ) .
٩. داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.
١٠. داواکانی ڕاست کردنەوەی ( تەمەن ، ناو ، ناز ناو ) .
١١. ئەو داوایانەی فەرمانگەی ڕسمی یان نیمچە ڕسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.
١٢. داواکردنی خەرجی بژێوی ( **نفقة** ) و دایەنی ( **حضانة** ) و دیتنی مندال و ڕەچەلەك ( **نسب** ).
١٣. داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی ( **اثبات الرشد** ) .
١٤. داواکانی لادانی سەرکار ( **قيم** ) و پێ سپێردراو ( **وصى** ).
١٥. داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە.
١٦. ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت.

سێیەم/

جگە لە داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو ( بەیان )ەدا هاتوون ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببینێت ئەگەر: -

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج – داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

چوارەم/

گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئە نجوومەنی دادوەری

وێنەیەک بۆ/

- سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ، بۆ ئاگاداریتان لە گەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بۆ بلاّوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان

  } بۆ ئاگاداری و پەیرەوە کردنی ناوەرۆکی ئەم بەیانە وە گشتاندنی بە سەر گشت دادگاکانی سەر بە سەرۆکایەتیەکانتان.... لەگەڵ ڕێزدا.

- فەرمانگە سەرپەرشتیاری دادوەری لە هەولێر
- فەرمانگە سەرپەرشتیاری دادوەری لە سلێمانی

  } بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن لەم ئەنجومەنە، بۆ بلاّوکردنەوەی ( بەیان ) ی ئاماژە پێکراو لە ماڵپەری فەرمی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ...لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە دەرچووەکان .